وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەیان هاوڵاتی بیانی دەستگیرکرد لە نێنەوا و دیالە

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕۆژی یەکشەممە دەستگیرکردنی دەیان هاوڵاتی بیانی بە پێشێلکردنی یاسای نیشتەجێبوونی عێراقی ڕاگەیاند

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی "موتەع" لە (13ی ئابی 2023)ەوە پەگەیشتووە، ڕایگەیاند، "هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی نێنەوا و دیالە 65 بیانییان دەستگیرکردووە بە پێشێلکردنی یاسای نیشتەجێبوونی بیانی لە عێراق".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "45 لەوانە لە پارێزگای نێنەوا و 20 لەوانە لە پارێزگای دیالەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری نیشتمانی و دەزگای هەواڵگری دەستگیرکران".